# کاریگەری میدیا لەسەر بەشداری سیاسیی ژنان لەعێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

**ئاراز ڕەمەزان احمد** [1+2] ، **سارا قادر محمد** [3]

[1] بەشی کارگێڕی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسی، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[3] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

لەسەردەمی ئێستای جیهانگیری تەنراو بەتەکنۆلۆژیاو میدیای نوێ، سەرەڕای بونی چەندین تیۆری تایبەت بەژنان لەسەرتاسەری جیهاندا، تیۆری نوێ بۆ ڕوانگەو تێڕوانینی جێندەری و فێمێنیستی لەجیهاندا سەریان هەڵداوە، زۆرینەی تیۆرەکان تیشکیان خستۆتەسەر بارودۆخی ژنان و ئەو ناهاوسەنگیەی ڕوبەڕویان بۆتەوە لەکایەکانی ژیاندا، هەربۆیە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەمافی ژنان لەبەرەنگاریدابونە بۆ بەدەستهێنان و بونیادنانی هاوسەنگی جێندەری بۆ بەرگریکردن لەمافەکانیان. یەکێک لەو تیۆرانە تیۆری فێمێنیستی میدیایە کە جەخت لەڕوانگەو تێڕوانینی جێندەری دەکاتەوە لەمیدیادا کە کاریگەری هەیە لەسەر بەشداری سیاسیی ژنان لەسیاسەتدا.

ئەم توێژینەوەیە کە لەجۆری توێژینەوەی وەسفیە، بۆ شیکردنەوەی داتاکانی بەپشتبەستن بەمیتۆدی شیکاری ناوەڕۆک (Content Analysis Method) و میتۆدی پێداچونەوەی مەبەستدار بەئەدەبیاتی توێژینەوەکەدا (Thematic Review)، لە "کاریگەری میدیا دەکۆڵێتەوە لەسەر بەشداری سیاسیی ژنان"، مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکە بۆ ئەوەیە بزانرێت میدیا تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر تێکشکاندنی لەمپەرە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئاینی و سیاسییەکان لەبەردەم بەشداری سیاسیی ژناندا، بەتایبەتیش لەوڵاتانی ناگەشەکردودا. لەتوێژینەوەکە عێراق وەکو کەیسی لێکۆڵینەوە دیاریکراوە لەگەڵ وڵاتانی ناگەشەکردوی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا.

گرنگی توێژینەوەکە خستنەڕوی کاریگەرییەکانی میدیایە لەسەر ڕوانگەی جێندەری بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆڵ و کاریگەری میدیایە لەسەر بەشداری سیاسیی ژنان، لەپرۆسە سیاسییەکانی وەکو بەڕێوەبردن و دروستکردنی بڕیارو حوکمڕانی و هەڵبژاردن و سەرکردایەتیکردن و نوێنەرایەتیکردن و بڕیار دروستکردندا، جگەلەوەی بەرهەمێکی هزری و زانستی بۆ سەر ئەدەبیاتی فێمێنیستی و جێندەری و میدیایی لەهەرێمی کوردستان و عێراق زیاد دەبێت.

## کلیلە وشەکان:

کاریگەری، میدیا، بەشداری سیاسیی، فێمێنیزم، تیۆری فێمێنیستی میدیایی.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper23
**Received:** 08-December -2021
**Accepted:** 11-January -2022
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
araz.ahmad85@uor.edu.krd
sara.muhammed@univsul.edu.iq
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەكی:

ستراتیژی پەیوەندیكردن (كۆمیونیكەیشن) زیاتر پلان و بەڕێوەبردنە بۆ گەیشتن بەئامانجێكی دیاریكراو، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، سیاسەتەكە وەک نەخشە ڕێگایەک خزمەتی ناكات كە تەنیا ئاڕاستە نیشاندەدات، بەڵكو لەجیاتی ئەوە دەبێت نیشانی بدات كە تاكتیكە كردارییەكان چۆنن، ستراتیژی پەیوەندی بریتییەلە تێكەڵەیەک لەپلاندانانی پەیوەندی و بەڕێوەبردنی پەیوەندی بۆ گەیشتن بەئامانجێک (Fadillah, D, 2017)، لەكۆمیونیكەیشندا، بۆئەوەی ستراتیژی پەیوەندی دابڕێژین، چەندین فاكتەری گرنگ هەن كە پێویستە ئاگاداریان بین. یەكەم، ئاشنابون بەوەرگران یەكەم هەنگاوە بۆ دروستكردنی پەیوەندی كاریگەر. لەپرۆسەی پەیوەندیدا، پێویستە وەرگران بەهیچ شێوەیەک پاسیڤ نەبن، بەڵكو پێویستە چالاكبن كەواتە لەنێوان پەیوەندیكەراندا لەگەڵ كۆمەڵگەكان نەک تەنیا پەیوەندی هاوبەشیان هەیە، بەڵكو كاریگەریان لەسەر یەكتر هەیە. دوەم، پێكهێنانی پەیامە، دیاریكردنی چوارچێوەو ماددەیە. پێویستی سەرەكی لەكۆنترۆڵكردنی وەرگرانی پەیامەكە بۆ بەرزكردنەوەی سەرنجە. ئاگاداركردنەوەی چاودێری سەرەكی. كەواتە هەمو ئەو شتانەی كە تێبینیدەكرێت ناتوانن ببنە هۆی سەرنجدان. بەم شێوەیە سەرەتای كاریگەری لەپەیوەندیدا بەرزبونەوەی سەرنجی ئامادەبوانە بۆ پەیامەكانی گەیاندن لەپرۆسەی كۆمیونكەیشندا، هەربۆیە پەیام ڕۆڵ و كاریگەری زۆری لەسەر سەرنجی وەرگران هەیە بەشێوەیەكی گشتی. ( Fadillah, D., Farihanto, M.N. and Dahlan, U.A., 2017) هەروەها (D. Fadillah, 2017) پێیوایە كە یەكێكی تر لەفاكتەرەكان بەردەوامیدانە بەچاكسازی سیاسی، گواستنەوەی ژیانی دیموكراسی دەرفەتی بۆ ژنان و كەرتەكانی دیكەی كۆمەڵگا فراوانكردوە بۆئەوەی بەهۆشیاریی و هەستیاریی زیاتر بۆچونی خۆیان لەحكومەت و سیاسەتی یاسادانانادا هەبێت. ڕونیشیدەكاتەوە كە كاتێک فاكتەرەكان بون بەهۆی قەیرانی ئابوری لەساڵی ١٩٩٧دا كاریگەری هەبو لەسەر بەرزبونەوەی داواكاری لەسەر نوێنەرایەتی ژنان لەهەر ئاستێک و هەمو بوارەكانی ژیانی سیاسیدا، چونكە ئەو قەیرانە دارایيە كاریگەری زۆری لەسەر ژیانی ژنان دروستكرد: لەوانە زۆریی مردنی دایک و منداڵانی ساوا، خراپتربونی باری تەندروستی دایک و منداڵان، زیادبونی كرێكارانی كۆچبەری مێینە، زیادبونی ڕێژەی دەرچونی خوێندنگاكان و بێكاری زۆرترین قوربانی لەم قەیرانەدا ژنان بون، هەربۆیە ئەم كاریگەرییە ناخۆشانە هۆشیاری لەسەر گرنگی یەكخستنی ئەجێندایەكی سیاسی هەستیاری جێندەری زیاتر بەرزكردەوە.

هێزی میدیا لەجیهاندا لەئاستێكی گرنگی بەرزدایە، چونكە یەكێكە لەستونە سەرەكیەكانی كۆمەڵگا (هێزی چوارەم) كە كاریگەری هەیە لەدروستبون و گۆڕینی باوەڕەكان، تێڕوانینەكان، هەروەها لەگەشەپێدانی كۆمەڵگا بەگشتی، ئەو ڕۆڵەی كە میدیاكان دەیگێڕن لەچارەسەركردنی كێشە كۆمەڵایەتییەكاندا، بەسەرنجدان لەپرسە جێندەرییەكان بۆ جێبەجێكردنی پێگەی ژنان لەكۆمەڵگادا گرنگە بەڵام ڕاستی كۆمەڵگە نەبونی یەكسانی جێندەری نیشاندەدات. لەكاتێكدا كە كاریگەری لەسەر سیاسەت هەیە، میدیا تیشک دەخاتەسەر بەرنامەیەكی بەرفراوان كە مشتومڕی سیاسی گەرم لەخۆدەگرێت، پیاوەكانیش ئەكتەری زاڵن. تەمەنی نوێی پەیوەندیكردن كاریگەری لەسەر

سیاسەت دەستپێکردوە. میدیا دەتوانێت پەیام بەڕایگشتی بدات کە بەشداری ژنان لەژیانی سیاسیدا بەشێکی بنەڕەتی دیموکراسییە، هەروەها دەبێت ڕۆڵی ئەرێنی ببینێت لەباشترکردنی وێنەی ژندا، لەگۆڕینی کلێشە جێندەرییەکان و بەکارهێنانی کاریگەری و بەشداری خۆی لەپرۆسە سیاسییەکاندا. (Cili, M. 2015)

بەشداری سیاسی ژنان دەرکەوتەیەکی مانادارە لەتیۆەگلانی ژنان لەپرۆسەی بڕیاردان لەدامەزراوە گشتییەکان و قەوارە یاساییەکاندا، ئامانجی سەرەکی ئەم بەشداریە سیاسیە ئەوەیە کە ژنان دەستگەیشتن و کۆنترۆڵی پێکهاتەییان هەبێت، بەسەر کوالیتی و چەندایەتی نوێنەرایەتیکردنی ژنان، بەبێ ئەوەی جیابیبێتەوە لەتیۆەگلانی پیاو لەبڕیاردانی پرۆسە سیاسییەکاندا. لەپێشکەوتنەکانی دواتردا پێشبینی دەکرا بەشداری سیاسی ژنان کاریگەری لەسەر ڕایگشتی دروست بکات، ئەوەش هانی مەودایەکی بەرفراوانی سیستەمی کراوەی هەستیاری جێندەریدا، لەسەر یاسادانان و هێڵە جێبەجێکارەکان، بەهۆی کوالیتی و چەندایەتی نوێنەرایەتی سیاسی ژنان تێیدا، بۆیە پێویستە ژنان سەرەتا پەروەردەیەکی مەدەنی بەدەستبهێنن تا تواناترو توانادارتربن لەتێکۆشان بۆ ئەوەی ببن بەئەندامێکی کارای پارتی سیاسی، پاشان ببنە نوێنەر لەدامەزراوەی یاساداناندا لەڕێگەی ئەو پشکەوە کە بەتایبەتی بۆ ژنان دابینکراوە لەهەندێک لەوڵاتان. (هەمان سەرچاوە)

لەوڵاتێکی دیموکراسیدا، هەڵبژاردن بەیەکێک لەگونجاوترین میکانیزمەکان دادەنرێت بۆ دامەزراندنی سەرکردە نیشتمانییەکان، کە سیاسەتمەدارە کاندیدکراوەکان، سیاسەتەکان دەناسێنن کە ڕەنگدانەوەی ڕایگشتین، ئەمەش جەخت لەسەر کاری دامەزراندن و نوێنەرایەتی سیاسی و پێکهێنانی حکومەت و داڕشتنی سیاسەتی هەڵبژاردنەکان دەکاتەوە، کە لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە پشتگیری دەکرێن. بۆیە بەبەشداریکردن لەڕێی دەنگدانەوە، کاراکتەری سەرەکی دەتوانێت بەشداربێت لەجێبەجێکردنی هەندێک لەکارکردە بنەڕەتییەکانی دەنگدان، کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی گشتی هەیە، لەهەردو ژینگەی جێبەجێکردن و یاساداناندا. (Rucht, D., 1990)

## چەمکەکانی توێژینەوەکە:

### جێندەر:

جێندەر دەکرێت وەک "ڕۆڵ و هەڵسوکەوت و چالاکی و ئەو خاسیەتانە بناسرێت کە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراودا بەگونجاوی بۆ ژن و پیاو دەزانێت" ئەم ڕاستیانە لەڕێگەی کۆمەڵایەتییەوە بنیاتدراون و فێردەبن. بەپێی دەق و کات دیاریکراون و بابەتی گۆڕانن. هەرچەندە شێوە تەقلیدییەکانی شوناسی جێندەری لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی دوانەیی ژن و پیاو بنیاتنراوە، بەڵام واقیعە ڕەگەزییەکان هەمەجۆرو جیاوازن، بەردەوام

گەشەدەکەن و لۆژیکی دوانەیی لەوانەیە ئازادی و ئەگەرەکانی مرۆڤ سنوردار بکات، بەتایبەتی بۆ ئینتەرسێکس و ڕەگەز ناگونجێت (UN, 2016).

## هاوسەنگی جێندەری:

هاوسەنگی جێندەری ئاماژە بەبەشداری ژمارەیەکی نزیکەیی یەکسان لەژنان و پیاوان دەکات لەناو چالاکیەک یان ڕێکخراوێکدا. نمونەکان نوێنەرایەتین لەلیژنەکان، پێکهاتەی بڕیاردان یان ئاستی ستافکردن لەنێوان ژنان و پیاواندا. (UNDP and UN Women (2016

## یەکسانی جێندەری:

یەکسانی جێندەری واتە هەلی یەکسان، ماف و بەرپرسیاریێتی بۆ ژنان و پیاوان، کچان و کوڕان. یەکسانی مانای ئەوە نییە کە ژن و پیاو وەک یەکن، بەڵکو دەرفەت و ماف و بەرپرسیاریەتی ژنان و پیاوان پشت بەلەدایکبونیان نابەستێت یان خۆیان بەمێینە یان نێر دەناسێنن. ئەوە دەریدەخات کە بەرژەوەندی و پێداویستی و ئەولەویەتی هەردو ژن و پیاو لەبەرچاو بگیرێت. (UNDP and UN Women (2016

## LGBTI:

هاوواتایە بۆ "هاوڕەگەزباز، دوڕەگەزباز، ترانسجێندەرو ئینترسێکس" ( Lesbian, Gay, Bisexual, and Transgender) ئەم هێمایە بەگشتی بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەو کەسانەی کە ناسنامەی ڕەگەزی جۆراوجۆر یان ئاڕاستەی سێکسیی جیاوازو جۆراوجۆریان هەیە، یان ئەو گروپانەی کە داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤ دەکەن. هەرچۆنێک بێت، مەودایەکی فراوانی دەربڕین هەیە کە زۆرجار بۆ ئاماژەدان بەم گروپانە بەکاردێت. کاتێک ئاماژە بەحاڵەتەکان یان نمونە دیاریکراوەکان دەکرێت، ئەم بابەتە زاراوەی خۆیان بەرهەمدێنن، بەبەکارهێنانی ئەو زاراوەی کە سەرچاوەکە ئاماژەی پێ دەکات. گروپەکانی LGBTI هاورەگەز نین و خەڵک بەبەرژەوەندی و پێویستی جیاواز کۆدەکەنەوە.

## میتۆدو سامپڵی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، ئامانجیەتی کاریگەری میدیاو فۆڕمەکانی میدیا لەسەر بەشداری سیاسیی ژنان، بخاتەڕو، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەتیش لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقاو عێراق، هەروەکچۆن ئامانجیەتی کاریگەری فۆڕمی ئەلیکترۆنی بەشداری سیاسیی لەسەر بەشداری سیاسیی ژنان

ڕونبکاتەوە. توێژینەوەکە پشتی بەستوە بەمیتۆدی شیکاری ناوەڕۆک (Content Analysis Method) و میتۆدی پێداچونەوەی مەبەستدار (Thematic Review) بۆ ئەدەبیاتی توێژینەوە زانستیەکانی پەیوەست بەمیدیاو کاریگەری لەسەر بەشداری سیاسیی ژنان، بەکارهاتوە بۆ شیکردنەوەو خستنەڕوی ئەو داتایانەی کە بەشێوەیەکی گشتی بەردەستن لەپێگەی ئەلیکترۆنی (data.ipu.org) کە تایبەتە بە (داتای جیهانی لەسەر پەرلەمانی نەتەوەیی) وڵاتان (Global Data on National Parliaments) و ناوەندێکی باوەڕپێکراوی داتایە، هەروەها پێگەی ئەلیکترۆنی ئەلجەزیرە، Statista و چەندین پێگەی ئەلیکترۆنی دیکە سودیان لێوەرگیراوە.

## ڕۆڵی میدیا لەکاتی کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا

ڕۆڵی سیاسی میدیای هاوچەرخ و ئەو کاریگەریەی کە لە ڕایگشتیدا هەیانە بۆتە بابەتێک کە ڕەنگی جیاوازی پێدراوە. بەهۆکاری جیاواز ڕۆڵی تەلەڤزیۆن ئەو ناوەندە بوە کە زۆربەی دیبەیتەکانی دروستدەکرد، تەلەڤزیۆن زۆرترین کاریگەری هەیەو بەو هۆیەوە وا بڕوا دەکرێت میدیا گەورەترین کاریگەری لەسەر کۆمەڵ دروستدەکات، بەتایبەتی تەلەفزیۆن ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لەتیشکخستنە سەر تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتن، لەڕاستیدا تەلەفزیۆن هانی بەکەسایەتیکردنی سیاسەت دەدات بەناردنی دەنگ و ڕوخساری سیاسەتمەداران بۆ ناو ماڵی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی ئاسایی. (Altheide & Snow, 1979: 106) پارتە سیاسییەکان یان ئەو کاندیدانەی کە بەشداری پێشبڕکێی هەڵبژاردن دەکەن، تەلەفزیۆن بەباشترین ئامراز دەزانن بۆ ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی کەمپەین. هەڵمەتەکە بەو شێوەیە ڕێکدەخەن کە تا ئەو ڕادەیەی دەتوانن لەتەلەفزیۆندا دیاربن، بۆیە دەرفەتەکان وەردەگرن بۆ وەرگرتنی وێنە، پیاسەکردن، پێدانی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان بۆ ڕێکخستنی کۆبونەوەی هەڵبژاردن، سیاسەتمەداران دەنگی زیاترو زیاتر بەکاردەهێنن کە گونجاون بۆ هەواڵی ئێواران و هەروەها کات زیاتر و زیاتر تەرخاندەکەن بۆ شیکردنەوەی سەرچاوە داراییەکان، بۆ وردبینی و تەکنیکی بازاڕکردن و ئامادەبون و ڕاهێنانی تەلەفزیۆن. ئەم دو پێشکەوتنە زیادکردنی ژمارەی کەناڵەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆفیشناڵیزم کە لەلایەن پارتە سیاسیەکان و کاندیدەکانەوە کەمپینەکانیان ڕێکدەخەن و کۆنترۆڵی دەکەن ڕۆڵی زۆری هەیە لەسەرخستنی کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا. (Patterson,2000: 106)

لەدیموکراسی هاوچەرخدا ڕابەرایەتیکردنی پۆستە سیاسییەکان ناکرێت ڕونبکرێتەوە بەبێ ئاماژەدان بەشێوازی پەیوەندی و ستراتیژی سیاسیان، لەیەکێک لەوتارەکانیاندا مازولنی و سکولز پێیانوایە کە کاریگەرییەکان لەسەر لایەنە سەرەکیەکان لەئەنجامدانی سیاسەت لەمیدیادا ئەوەیە کە ئەکتەرە سیاسییەکان نیشانیانداوە کە توانایان هەیە "هەڵسوکەوتی خۆیان بەپێی داواکارییەکانی میدیا ڕێکبخەن "واتە" بارودۆخێک بەو شێوەیە ئەنجامدەدەن کە سەرنجی میدیا بەدەستبهێنن، یان ئەگەر بڕیاربدەن ڕوداوێک دروستبکەن، شوێن، شێوازی گواستنەوەی پەیامەکەو جێبەجێکردنی" ڕێکدەخەن (Gianpietro & Schulz, 1999: 247–61)

کەسێتییە سیاسییەکان ئامرازی نوسینیان بۆ کەسایەتی سیاسی خۆیان دۆزیوەتەوەو میدیا جگە لەتەواوکردنی نیشاندانی پەنجەکانیان هیچی تر ناکات. دروستبونی میدیا، هەلی بۆ سیاسەتمەداران ڕەخساند، لەڕاستیدا ژینگەیەکی میدیایی و سیاسیی باشی بۆ دۆزینەوە بۆ "بەرزکردنەوە"ی خۆیان. لەکاتی هەڵمەتەکاندا ئەم پێداویستیانە دەگۆڕێن، میدیا هەمو شتێکیان هەیە کە پێویستیان پێیەتی ئامرازی گونجاوی هەیە بۆ ئەوەی لەڕایگشتیەوە خۆشبویسترێن و بیرۆکەکانیشیان بگوازرێتەوە. (Mcluhan, 2004: 184)

## ڕۆڵی میدیای نوێ لەبەشداری سیاسی ژنان

لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەربەستی ئازادی ڕۆژنامەوانی مانای ئەوەیە کە خەڵک توانای وەرگرتنی زانیاری نییە، بەکارامەیی شیکاری و لێکدانەوەی جەماوەری بەدەستبهێنن، ئەگەر بەهاری عەرەبی هەر وانەیەک بێت، مافی زانیاری گرنگە بۆ بەشداری سیاسی و گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی. ئەو ڕێگایەی کە نەتەوەپەرستان و چالاکوانان لەتونس و میسرو لیبیاو وڵاتانی دیکەی باکوری ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جموجوڵی زیاتر لەبەحرەین و ئیمارات و عەرەبستانی سعودیە هەبون، ئاماژە بەوە دەکەن کە ژنان بەهیوابون لەبەکارهێنانی میدیای نائاسایی بۆ بەرەنگاربونەوەی جیاکاری و نایەکسانی، لەهەمو ئەوانەدا ژنان ئاگادارن لەکۆنترۆڵی توند لەسەر زانیاری لەلایەن چاپەمەنی خاوەن دەسەڵاتەوە کە بەشێوەیەکی ڕۆتینی پەرەپێدانی پرسی ژنانی بەپەروەردەو پۆستەکانی دەسەڵاتەوە پشتگوێخستوە، ژنان دەنگیان نەبو بۆئەوەی توانستەکانیان نیشانبدەن، تا ئەو کاتەی کە میدیای نوێ-یان دۆزیەوە، ئەوان فەیسبوک، تویتەرو یوتوب بەکاردێنن بۆ گواستنەوەی پەیامەکانیان بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان. ژنانی عەرەب نایەکسانیان لەکۆمەڵگاو پەروەردەو هەلی پیشەیی و پەراوێزخستنی خۆیان خستۆتەڕو. ( Odine, M., 2013)

بەپێی ڕاپۆرتێکی بی بی سی (٢٠٠٥) ژمارەی ژنانی ئەندام پەرلەمان (پەرلەمانتاران) لەجیهانی عەرەبیدا لەساڵی ٢٠٠٥دا دو هێندە زیادیکردوە. بەڵام یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی دەڵێت: تەنیا لەسەدا ٦.٥ی پەرلەمانتارانی هەرێمەکە ژن بون، هەرچەندە نوێنەرایەتیکردن لەسەدا ٣.٥ لەساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە چوە لەئەردەن و تونس و مەغریب، زۆرترین بەشداریان کرد. ڕاپرسییەکی IPU دەریخست کە ڕێژەی ژنانی پەرلەمانتار لەهەمو جیهاندا لەسەدا ١٣.٤ بۆ ١٥.٧٪ بەرزبوەتەوە. لەساڵی ٢٠٠٥دا ژنان لەپەرلەمانی عەرەبی بەم شێوەی خوارەوە نوێنەرایەتیکراون: تونس – ٤٣ لە ١٨٩؛ مەغریب – ٣٨ لە ٥٩٥؛ میسر–٣١ لە ٧١٨؛ سوریا – ٣٠ لە ٢٥٠؛ جەزائیر – ٢٨ لە ٥٣٣؛ ئەردەن – ١٣ لە ١٦٥، عومان – ١١ لە ١٣٨؛ بەحرەین – ٦ لە ٨٠؛ لوبنان – ٣ لە ١٢٨؛ یەمەن – ١ لە ٣٠١، کوەیت – ٤ لە ٥٦؛ سعودیە – ٠ نوێنەرایەتی؛ ئیمارات –، ٠ و نوێنەرایەتیکردن؛ لیبیا، قەتەر، ناوچە فەلەستینییەکان– هیچ کەسایەتییەک لەبەردەستدا نییە.

گرنگی و ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەدرێژایی کات گەشەیکردوە بۆ ئەوەی ببێتە پلاتفۆرمێکی گرنگ بۆ گوتاری سیاسی و بەخشین و گەیشتن بەسایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان (SNSs) بۆ زانیاری سیاسی و بەشداری سیاسیی. بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەسی ئاساییین لەگفتوگۆکانیان، لەژیانی ڕۆژانەیاندا، بەشێوەیەکی ئاسایی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن بۆ مەبەستی سیاسی. (Zaheer, L., 2016.) کاریگەری سۆشیال میدیا نەک تەنیا بۆ بیرورا سنوردارە بەڵکو هەندێکجار بەشداری سیاسیش دەگرێتەوە بەتایبەتی بڕیاری دەنگدان (Biswas, A., Ingle, N., & Roy, M. 2014)، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەدرێژایی کات پەرەیانسەندوە بۆئەوەی ببنە پلاتفۆرمی دەربڕین، کەناڵێک کە بەهۆی دەستگەیشتنەوە گرنگیی پەیداکردوە، گرنگی میدیای کۆمەڵایەتی و ئەم جۆرە دەربڕینە لەدەوروبەری میدیای کۆنترۆڵکراودا زیاددەکات، بۆ نمونە لەسەنگافۆرە، جەماوەری بەرەو بەشداری سیاسیی ئۆنلاین گواستەوە، لەکاتێکدا جەماوەرە کلاسیکیەکە زیاتر پشتیان بەمیدیای کۆنترۆڵکراو دەبەست (Skoric, M. M., Pan, J., & Poor, N. D. 2012)، لەجیهانی ئەمڕۆدا لایەنە سیاسییەکان و کاندیدەکان بەهای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرزدەنرخێنن، بۆ ڕازیکردنی دەنگدەرانی شاراوە (Acar , E. 2012) هەربۆیە سیاسییەکان لەئێستادا بۆ بەشداریکردن و تێکەڵاوبون کاتی زیاتر لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەسەردەبەن ((Caplan, J. 2013)، گۆڕانکارییەکانیش لەگواستنەوەی زانیاریی کاندیدەکان بۆ جەماوەرو دەنگدەران و تەکنیکەکانی کەمپەینکردن گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتوە، هەربۆیە سیاسییەکانیش لەئێستادا زیاتر پشت بەسۆشیال میدیا دەبەستن بۆ گواستنەوەی زانیارییەکانیان بۆ دەنگدەران. (Smith, N. K. 2011)، لەو چوارچێوەیەدا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لەساڵی (٢٠٠٨)دا بەیەکەم هەڵبژاردن دادەنرێت کە کاندیدە سیاسییەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵکیان وەرگرت، باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشوی ئەمریکا لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری سیاسی لەنێوان خوێندکارانی زانکۆدا زۆرترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەهۆی بەکارهێنانی زۆری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرنج ڕاکێشانی دەنگدەرانی گەنج. (Harfoush, R. 2009) هەروەها جارێکی تر لەهەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٢)ی سەرۆکایەتی ئەمریکا سۆشیال میدیا ڕۆڵی زۆری بینی (هەرمان سەرچاوە)

بەڵگەیەکی بەرچاو هەیە کە چالاکوانانی سەر ئینتەرنێت، هێزی شاراوەی میدیای دیجیتاڵیان بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ناسیوەو ژنان بەشێوەیەکی زۆر ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ تواناسازیی خۆیان بەکاردەهێنن (Kolb, 2013) لەڕاستیدا کەناڵێکی جۆراوجۆری وەک تویتەرو ئینستاگرام هەیە بۆ بەشداریکردن لەئینتەرنێت کە ڕێگە بەژنان دەدات کە فشارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان و کەلتورو نەریتەکان ڕابکەن ((Intel Corp, 2011)، گەیشتن بە ئینتەرنێت سودی گرنگی ئابوری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی هەیە (Sutton & Pollock, 2000). Sharky (٢٠١١) و زۆرێک لەپسپۆڕانی دیکە پێیانوایە کە دیجیتاڵ میدیا بوەتە ڕاستی ژیان و ئامرازی پەیوەندیە گرنگەکان لەکاتێکدا ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەرتاسەری جیهاندا بەکاریدەهێنن زیادیکردوە، زانایان دەستیانکردوە بەشیکردنەوەی گفتوگۆی سیاسی لەسەرهێڵ کە گەیشتۆتە جەماوەرێکی سەرەکی کاتێک ژمارەی ئەو کەسانەی کە

سەرهێڵن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هەواڵەکانی سیاسی ژمارەیان زۆر بوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک لین فۆرد (Lynn Ford, ٢٠١١ ) تێبینیکردوە، نایەکسانی گشتی لەبەشداری سیاسیدا چیتر تەنیا لەنێوان ژن و پیاودا نییە. هەروەها بۆشایی بەشداری سیاسی لەنێو خودی ژناندا هەیە کە بەهۆی جیاوازی لەپەروەردەو دامەزراندن و داهات و کۆمەڵایەتیبوندا دروستدەبێت، بەواتایەکی دیکە ژنان گروپێکی هاوڕەگەزی نین و لەڕوی هەلی پەروەردەیی و پیشەیی و دامەزراندن و هەڵوێست بەرامبەر نۆرمە کەلتورییەکان و تێکەڵبونی مەدەنیانە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، جیاوازییەکانی نێوان ژنان بۆشایی بەشداری دروستدەکەن، چونکە تواناکانی ژنان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تێچوی بەشداریکردن بەپێی سەرچاوەکان جیاوازن (Verba et al., 1995).

## گفتوگۆ و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لەڕونکردنەوەو خستنەڕو و شیکردنەوەی داتاکاندا پشت بەپرۆسەو ئامرازی ئاماری ڕێژەی سەدی بەستراوە، کە میتۆدێکی خستنەڕوی داتاو شیکردنەوەی داتایە، و زیاتر هەوڵی خستنەڕوی ڕێژەی بەشداری سیاسیی ژنان دراوە، بەپێی شوێنی جوگرافی و جیاوازی وڵاتان و ڕێژەکان ڕونکراونەتەوە.

خشتەی (١) جیاوازی جێندەری لەبەڕێوەبردنی پۆستەکان و ڕێژەی ژنانی وتەبێژ بەپێی ناوچەکان

| Gender Breakdown by Region | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **Region** | Total Positions | Total filled | Total men | Total women | Percentage of women speakers |
| **Global** | 280 | 278 | 220 | 58 | 20.86% |
| **Americas** | 56 | 55 | 37 | 18 | 32.73% |
| **Asia** | 45 | 45 | 40 | 5 | 11.11% |
| **Europe** | 70 | 70 | 52 | 18 | 25.71% |
| **Middle East and North Africa** | 25 | 24 | 23 | 1 | 4.17% |
| **Pacific** | 16 | 16 | 15 | 1 | 6.25% |
| **Sub-Saharan Africa** | 68 | 68 | 53 | 15 | 22.06% |
| **Source: Global Data on National Parliament** | | | | | |

لەخشتەی (١)دا دەرکەوتوە کە لەسەر ئاستی جیهان لەکۆی (٢٨٠) پۆستی سەرۆکایەتیدا تەنیا (٥٧) پۆستیان لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن و لەبەرامبەردا (٢٢١) پۆستیان لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەدەبرێن، هەروەها تەنیا (٢٠.٥٠٪)ی ژنان قسەکەری حکومەت و وڵاتانن بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهان. بەپێی داتاکان جیاوازی

زۆر لەنێوان ناوچەکانی جیهان هەیە لەبەشداری سیاسیی ژنان، بەجۆرێک لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕێژەکە تەنیا (١) کەسەو لەئاسیا تەنیا (٥)، بەڵام ڕێژەکە تاڕادەیەک هاوسەنگی و نزیکی هەیە لەنێوان ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپا، هەروەها بەراورد بەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا لەئەفریقا ڕێژەکە بەرزەو (١٤) پۆست لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن.

| خشتەی (٢) جیاوازی جێندەری لەژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئاستی جیهان | | | |
|---|---|---|---|
| **Global averages** | | | |
| | Lower chamber and unicameral | Upper chamber | All chambers |
| **Total MPs** | 38,623 | 7,468 | 46,091 |
| **Gender breakdown known for** | 38,623 | 7,468 | 46,091 |
| **Men** | 28,665 | 5,597 | 34,262 |
| **Women** | 9,958 | 1,871 | 11,829 |
| **Percentage of women** | 25.8% | 25.1% | 25.7% |

| **Regional averages** | | | |
|---|---|---|---|
| **Region** | Lower chamber and unicameral | Upper chamber | All chambers |
| **Americas** | 32.8% | 33.3% | 32.8% |
| **Europe** | 30.9% | 30.1% | 30.7% |
| **Sub-Saharan Africa** | 25.6% | 25.5% | 25.6% |
| **Asia** | 21.0% | 17.8% | 20.5% |
| **Pacific** | 18.2% | 44.9% | 21.0% |
| **Middle East and North Africa** | 17.6% | 11.2% | 16.3% |
| **Source: Global Data on National Parliament – Averages as of 1st September 2021** | | | |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (٢) جیاوازییەکی زۆری جێندەری هەیە لەنێوان ڕێژەی پەرلەمانتاران لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکان، دەرکەوتوە کە تا ئەیلولی (٢٠٢١) لەکۆی (٦٢٣، ٣٨) پەرلەمانتار لەسەر ئاستی جیهان، (٢٨،٦٦٥) پەرلەمانتاریان نێرن و تەنیا (٩،٩٥٨) پەرلەمانتار لەجێندەری مێ–ن. ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە ئەوەشیان خستۆتەڕو، کە ڕێژەی بەشداری ژنان لەپەرلەماندا بەبەراورد بەناوچەکانی دیکەی جیهان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا کەمترین ڕێژەی هەیە، بەجۆرێک ڕێژەکەی (١٧.٦٪)ی بەشداربونە لەکاتێکدا لەهەندێ وڵاتدا سیستەمی کۆتا هەیە هەروەکچۆن لەعێراقدا سیستەمی کۆتا بۆ بەشداری ژنان هەیە لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکاندا

کە ڕێژەی (٢٥٪)ە بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق – ٢٠٠٥. هەربەپێی ئەم داتایە زۆرترین ڕێژە لەئەمریکاو

| خشتەی (٣) مافی دەنگدانی ژنان | | |
|---|---|---|
| **Women's right to vote** | | |
| **Country** | Chamber | Women's right to vote |
| **Bahrain** | Shura Council, Council of Representatives | 2002 |
| **Bahrain** | Shura Council, Council of Representatives | 1951 |
| **Bahrain** | Shura Council, Council of Representatives | 1973 |
| **Egypt** | House of Representatives, Senate | 1979 |
| **Egypt** | House of Representatives, Senate | 1956 |
| **Israel** | Parliament | 1948 |
| **Jordan** | House of Representatives, Senate | 1974 |
| **Jordan** | House of Representatives, Senate | 1982 |
| **Kuwait** | National Assembly | 2005 |
| **Lebanon** | National Assembly | 1926 |
| **Lebanon** | National Assembly | 1952 |
| **Qatar** | Shura Council | 2003 |
| **Qatar** | Shura Council | 1998 |
| **Syrian Arab Republic** | People's Assembly | 1949 |
| **Syrian Arab Republic** | People's Assembly | 1953 |
| **United Arab Emirates** | Federal National Council | 2005 |
| **Yemen** | House of Representatives, Shura Council | 1967 |
| **Yemen** | House of Representatives, Shura Council | 1970 |
| **Yemen** | House of Representatives, Shura Council | 1990 |
| **Source: Global Data on National Parliament** | | |

ئەورووپایەو ڕێژەی بەشداری ژنانیش لەئەفریقا لەئاستێکی نزیک لەئەورووپا و ئەمریکادایە.

خشتەی (٣) مافی دەنگدانی ژنان لەزۆرینەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتەڕو، بەپێی ئەنجامەکان، وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زۆرینەیان مافی دەنگدانی ژنان-یان لەساڵانی دوای (١٩٥٠)کانەوە چەسپاندوە، هەرچەندە هەندێک وڵات زوتر ئەو مافەیان بۆ ژنان دەستەبەرکردوە، بۆ نمونە (لوبنان) لەساڵی (١٩٢٦)ەوە مافی دەنگدانی ژنانی تێدا هەبوە، هەرچەندە جگەلە هەندێک وڵاتی ئەوروپا نەبێت، بەشێکی زۆری وڵاتان هەمان کێشەیان تێدا بەدیکراوە، لەعێراقیش ژنان لەساڵی ١٩٨٠دا مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا (hrw, 2003).

خشتەی (4) یەکەمین سەرۆکی ژن لەپەرلەمانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

First Woman Speaker

Source: Global Data on National Parliament

Map




| Country | Chamber | First Woman Speaker |
|---|---|---|
| Bahrain | Shura Council, Council of Representatives | 2018 |
| Israel | Parliament | 2006 |
| Syrian Arab Republic | People's Assembly | 2016 |
| United Arab Emirates | Federal National Council | 2015 |

خشتەی (٤) ئاماژە بەیەکەمین ژنەکان دەکات کە بون بەسەرۆکی پەرلەمان لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تیایدا ڕونکراوەتەوە کە بۆ یەکەمینجار لەساڵی (٢٠٠٦)دا لەئیسرائیل یەکەمین سەرۆکی پەرلەمان درا بەژنان، دواتریش لەساڵی (٢٠١٥) لەئیمارات و لەساڵی (٢٠١٦) لەسوریاو دواتریش لەبەحرەین لەساڵی (٢٠١٨)دا ژنێک بۆ یەکەمین جار کرا بەسەرۆکی پەرلەمان.

| خشتەی (٥) مافی خۆپاڵاوتن و خۆکاندیدکردنی ژنان بۆ هەڵبژاردنەکان | | |
|---|---|---|
| **Women's right to stand for election** | | |
| **Country** | **Chamber** | **Women's right to stand for election** |
| **Bahrain** | Shura Council, Council of Representatives | 1973 |
| **Bahrain** | Shura Council, Council of Representatives | 2002 |
| **Bahrain** | Shura Council, Council of Representatives | 1999 |
| **Egypt** | House of Representatives, Senate | 1956 |
| **Israel** | Parliament | 1948 |
| **Jordan** | House of Representatives, Senate | 1974 |
| **Kuwait** | National Assembly | 2005 |
| **Lebanon** | National Assembly | 1952 |
| **Qatar** | Shura Council | 2003 |
| **Syrian Arab Republic** | People's Assembly | 1953 |
| **United Arab Emirates** | Federal National Council | 2005 |
| **Yemen** | House of Representatives, Shura Council | 1990 |
| **Source: Global Data on National Parliament** | | |

خشتەی (٥) ڕونیدەکاتەوە کە ژنان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەچ مێژویەکەوە مافی خۆپاڵاوتن و خۆکاندیدکردنیان پێدراوە، بەپێی ئەنجامەکان، ئیسرائیل یەکەمین وڵاتە لەناوچەکەدا کە مافی خۆکاندیدکردنی بەژنان داوە لەساڵی (١٩٤٨)ەوە واتە لەدوای جەنگی جیهانی دوەمەوە، دواتریش لوبنان لەساڵی (١٩٥٢) و سوریا لەساڵی (١٩٥٣) و میسر لەساڵی (١٩٥٦).

## بەشداری سیاسیی ژنان لەعێراقدا

لەسەرەتای سەدەی بیستویەکدا زیاتر لە٩٥٪ی وڵاتانی جیهان، دو مافە بنەڕەتییە دیموکراتییەکانیان بەژنان بەخشی: مافی دەنگدان و مافی خۆکاندیدکردن. بۆ هەڵبژاردن(Shvedova, 2005) لەمێژوی هاوچەرخدا ژنان تا نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم سەرۆکی حکومەت نەبون لەساڵی ١٩٦٠ سیریماڤۆ بەندەرانایک بوە یەکەم ئافرەتی مێژوی هاوچەرخ کە دەستی بەسەر سەرۆک وەزیرانی سیلان (سریلانکا) دا گرت؛ پارتی ئازادی سریلانکا قایلی

کرد کە ببێتە ڕابەری خۆی دوای تیرۆرکردنی مێردەکەی، دامەزرێنەری پارتەکە. (Brown, 2014) دواتر ژمارەی ژنان لەپۆستەکانی سەرکردایەتی سیاسی زیادیان کرد، بەڵام نزیکەی نیوەیان وەک بێوەژن یان کچی فەرمانڕەوایەکی پیاو هاتنە سەر دەسەڵات. کەمتر لەسەدا یەک لەفەرمانڕەواکانی سەدەی بیستەم ژن بون کە بەخودی خۆیان دەسەڵاتیان بەدەستهێنا. لێکۆڵینەوەیەک لەساڵی ١٩٤١دا دەریخست کە فەرمانڕەوای وڵاتانی سەربەخۆ لەماوەی سەدەی بیستەمدا تەنیا ٢٧ ژنیان دۆزیەوە. (Nye, 2012)

## قۆناغی پێش ٢٠٠٣:

پۆستی باڵای بڕیاردان بۆ ژنان نەسپێردراو نەبون، ژنان پێش ساڵی ٢٠٠٣ هیچ پۆستێکی وەزاریان نەبوە ئەمە تەنیا بۆ یەکجارو بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ نازیحە دولەمی ڕویدا کە لەساڵی ١٩٥٩دا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولکریم قاسمدا پۆستی شارەوانییەکانی وەرگرتبو، ڕێگە بەفرەحزبی نەدرا؛ حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار تاکە حزبێک بو کە بونی هەبو و ڕێژەی ژنان کە ڕێگەیان پێدابو بۆ زیاتر لە ٥٪ سنوردداربو. تەنیا ئافرەتێک کە وەک ئەندامی فەرمانده‌یی نیشتمانی حیزبی بەعس هەڵبژێردرا هودا صالح مەهدی بو.

| خشتەی (٦) ژنان لە ئەنجومەنی نیشتمانی سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعسدا | | | |
|---|---|---|---|
| **Women in National Council during Baath Party Rule** | | | |
| **Year** | Total MPs | Women MPs | Women percentage |
| **1980** | 250 | 19 | 7.6 |
| **1984** | 250 | 33 | 13.2 |
| **1989** | 250 | 27 | 10.8 |
| **1996** | 250 | 16 | 6.4 |
| **2000** | 250 | 18 | 7.2 |
| **Women in the council of Representatives: Lessons Learned and Case Studies Report.2013. Washington DC. Iraq Foundation. Washington DC: Wilson Center.** | | | |

ژنان لەئەنجومەنی یاسادانانداو لەساڵی ١٩٨٠دا ئامادەبون، بەڵام بێ پشکبون لەیەکەم یاسادانانداو هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٠دا، ١٩ پاڵێوراوی ژن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی لەکۆی ٢٥٠ ئەندام هەڵبژێردران کە (٧.٦٪)ە. لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤دا ٤٦ کاندیدی ژن کێبڕکێیان کردو ٣٣یان بردەوە، واتە (١٣.٢٪)ی کورسییەکانی پەرلەمان. شەشت و پێنج ژن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٩دا کێبڕکێیان کرد کە ٢٧ ژنیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی (١٠.٨٪) هەڵبژاردوە، هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لەساڵی ١٩٩٦ بەڕێوەچو و ژنان ١٦ کورسی (٦.٤٪) ی کۆی گشتیان بەدەستهێنا. لەپێنجەمین هەڵبژاردنی پەرلەماندا کە لەساڵی ٢٠٠٠ بەڕێوەچو، ٢٥ ژن کاندیدکران و ١٨ ژن هەڵبژێردران کە نوێنەرایەتی (٧.٢٪) بون (Women in the Council of Representatives, 2013)

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژنانەی کە بەشێکبون لەکاری حزبی دەسەلاَتدار، ئازادیان نەبو، بەڵکو هەلپەرستی و خواستی قازانج بو لەسەر حسابی کێشەی ژنان. بەم شێوەیە نوێنەرایەتی سیاسیان لەناو ئەنجومەنی نیشتمانیدا تەنیا دەرەنجامی ناسنامەیان بو وەک بەعسیەکان. بەو هۆیەوە هیچ دیاریکەرێک نییە لەچالاکی یان توانای پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ پیاوان لەکۆمەڵگادا بۆ ئازادی و ئۆتۆنۆمی زیاتر جگە لەڕێگای بەرنامەکانی حیزبی تۆتالیتارەوە. (Fischer-Tahir, 2010).

## قۆناغی دوای ٢٠٠٣:

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق (IGC) دامەزراو تەنها سێ لە٢٥ی ئەندامەکان ژن بون، کابینەی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراق (IGC) لە ٢٥ وەزیر، تەنها یەک وەزیریان ژن بو، لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٤ یەکەم حکومەتی نیشتمانی عێراقی پێکهێنرا، ئەنجومەنەکە لە ١٠٠ ئەندام پێکهاتبو، کە ٢٠یان ژن بون (٢٠٪). کاتی بو. حکومەت ئەرکی ئامادەکردنی دەستورێکی نوێی بەئەنجومەنەکەدا، و لیژنەیەکی پێکهێنا بە ٥٥ ئەندام بۆ نوسینەوەی دەستور. ١٠ ژن بەشدارییان لەلیژنەی نوسینەوەی دەستور کرد کە هاوتای ١٨٪ ی ئەندامانی لیژنەکەیە بەسەر هەر شەش لیژنەی لاوەکیدا دابەشکران کە کاریان لەسەر نوسینی بەندە جۆراوجۆرەکانی دەستور دەکرد. لەحکومەتە یەک لەدوای یەکەکاندا.

| خشتەی (٧) ڕێژەی ژنان لەکابینەکانی حکومەتدا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ لەعێراقدا | | | |
|---|---|---|---|
| **The Number and Percentage of Women in Post** | | | |
| **Cabinet** | Total Number of Ministers | Number of women Ministers | Percentage of Women Ministers |
| **Iraqi Governing Council (IGC) July 2003** | 25 | 1 | 4% |
| **Interim Government June 2004** | 26 and 5 Ministries of state | 3 and 1 ministry of state | 12.9% |
| **Transition Government 2005** | 27 and 5 Ministries of state | 5 and 1 ministry of state | 19.3% |
| **2006-2010** | 26 | 3 | 11.5% |
| **2010-2014** | 28 | 1 | 3.6% |
| **2014-2018** | Became 22 after canceling or merging some ministries | Became 2 after canceling of Women Affair Ministry | 9% |
| **2018-2022** | 20 | 1 | 5% |
| **The data was collected from many official websites** | | | |

خشتەی (٨) ڕێژەی ژنان لەپەرلەمانی عێراق:




ئەم خشتەیە دەریدەخات کە نوێنەرایەتی ژنان لەحکومەتدا زۆر کەم و نزم بو و زیاتر لەبەرزبونەوە کەمبوەتەوە، هەرچەندە ژنان چەندین بەرهەمی وەزارییان لەوەزارەتەکانی گرنگی خزمەتگوزاری (تەندروستی، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، شارەوانییەکان، کاروباری گشتی، کشتوکاڵ، ژینگە، زانست و تەکنەلۆجیا، پەیوەندییەکان، کۆچ و ئاوارەیی، مافی مرۆڤ و کاروباری ژنان) ڕۆڵیان هەبوە لەپرۆسەی بنیاتنان، بەڵام نمایشەکە هەژار بو، و هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاویان ئەنجام نەدا جێگای باسە کە وەزارەتە بەناو سیادییەکانی وەک کاروباری دەرەوەو بەرگری و ناوخۆ و ئەوانی تریان پێنەدرا.

ئەنجامەکان ئەوە ڕوندەکەنەوەکەوە کە لەهەڵبژاردنی (٢٠١٨)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لە١٢ی ئایاردا ئەنجامدرا، لەکۆی (٣٢٩) کورسی پەرلەمان ڕێژەی (٢٥٪)ی بۆ ژنان دانرا، بەپێی سیستەمی کۆتا، لەدەرئەنجامدا (٢٣٧) کاندیدی پیاو سەرکەوتن و (٨٣) کاندیدی ژنیش سەرکەوتن. ئەوەش دەریدەخات کە ڕێژەی بەشداری سیاسیی ژنان سەرەڕای بونی چەندین بەربەست بەڵام بەرەو زیادبون چوە بەبەراورد بەهەڵبژاردنەکانی ڕابردو لەعێراقدا.

**خشتەی (٩) بەرزترین ئاستی پشکی ژنان لە پەرلەمانتارانی نەتەوەیی لەجیهاندا: کانونی یەکەمی ٢٠٢٠**




خشتەی (٩) بەرزترین ئاستی پشکی ژنان لە پەرلەمانتارانی نەتەوەیی لەجیهاندا دەردەخات کە تا کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ تۆماکراون، بەپێی ئەنجامەکان ڕواندا یەکەمین وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان لەزۆری بونی ڕێژەی پەرلەمانتاری ژن، بەڕێژەی (٦١.٣٪)ی پەرلەمانتاران، دواتر کوبا بەدوەمین وڵات دێت بەڕێژەی (٥٣.٢٪)ی پەرلەمانتارەکانی ژنن، هەروەها ئیماراتی عەرەبی بەسێیەمین وڵات دادەنرێت و بەڕێژەی نیوەی (٥٠٪)ی

پەرلەمانتارەکانی ژنن، هەروەک لەئامارەکەی (statista.com) ڕونکراوەتەوە زۆرێک لەوڵاتانی ئەفریقا تەنانەت لەپێش وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکان بۆ زۆری ڕێژەی بونی پەرلەمانتاری ژن لەپەرلەمانەکانیاندا.

## ئەنجامەكانی توێژینەوەكە:

لەدوای خستنەڕوی داتاکان و شیکردنەوەیان و پێداچونەوە بەئەدەبیاتی توێژینەوەکەدا، دەرکەوتوە کە بەشێکی ژنان ناچنە ناو سیاسەتەوە، چونکە چاودێری دەکرێن، ژنان بەهۆی بونی هاوخەمی و تۆڕو گروپە بەرژەوەندیەکانی پیاوانەوە ڕێگەیان پێنادرێت بچنە ناو سیستەمی بەشداری سیاسی چالاکەوە، سیاسەتمەدارە پیاوەکان زیاتر سەربەخۆن لەخێزان و بەو شێوەیە دەتوانن خۆیان بەتەواوی تەرخان بکەن بۆ چالاکی سیاسی بەپێچەوانەی ژنانەوە لەبەرئەرکی ماڵ و خێزان ناتوانن بەتەواوی خۆیان بۆ کاری سیاسیی تەرخان بکەن.

توێژینەوەکە بەو دەرەنجامە گەیشتوە کە لەپاڵ فاکتەرەکانی دیکەدا میدیا بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش دیجیتاڵ میدیاو سۆشیال میدیا، بونەتە پانتاییەکی گشتی کاریگەر بۆ بەشداری سیاسیی ژنان لەجیهاندا بەگشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقیشدا.

میدیا ناوەندێکی گرنگی کەمپەین و بانگەشەی هەڵبژاردنە بۆ کاندیدە ژنەکان و دەتوانرێت میدیا کەمپەینی تایبەت بکات بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەشداری سیاسیی ژنان لەهەڵبژاردنەکان و پرۆسە سیاسییەکاندا.

پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، دەرفەتێکی گرنگیان بۆ بەشداری سیاسیی ژنان ڕەخساندوەو کاندیدەکان و ژنان لەبواری سیاسییدا دەتوانن سودی زۆر لەو پلاتفۆرمانە وەربگرن بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەرو دەنگدەران، بۆ بەدەستهێنانی پشتوانی و دەنگەکانیان و سەرکەوتنیان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا.

میدیا دەتوانرێت ناوەندێکی گرنگی ڕەخنەسازی بێت، لەسیستەمی سیاسیی و کەمی ڕێژەی ژنان لەپەرلەمان و حکومەت و بەڕێوەبردن و پۆستە سیادیەکان و سەرکردایەتی و لیژنە باڵاکانی پارتە سیاسییەکاندا.

سەبارەت بەبارودۆخی بەشداری سیاسیی ژنان لەعێراقدا لەدوای ساڵانی سەرکوت و ئابلۆقەی ئابوری و ململانێی چەکداری کە بونە هۆی تێکچونی ژیانی ژنان لەعێراق و زیانێکی پەیوەست بەوڵات لەو کاتەوەی ژنان پەراوێزخراون و ناتوانن لەڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە بەشداری بکەن. لەئێستاشدا ژنانی عێراق ڕوبەڕوی کۆمەڵێک بەربەست دەبنەوە، لەوانە: نەبونی هەلی خوێندن، نەبونی چاودێری تەندروستی، دەستگەیشتنی سنوردار بۆ بازاڕی کار، ئاستی بەرزی توندوتیژی و نایەکسانی، تێگەیشتنە خراپەکان لەنەریتەکان، بەها کلتوری و کۆمەڵایەتیەکان، بێئاگایی و کەمی هۆشیاری لەمافەکانی ژنان، و بەربەستی یاسایی و دامەزراوەیی، و سیاسەت بە"بازرگانی پیاو" دادەنرێت. لەهەمان کاتدا ژنان لەعێراق هەمان مافی پیاوانیان هەیە کە دەنگ بدەن و بەشداری لەژیانی سیاسیدا بکەن، و لەساڵی ٢٠٠٥وە ڕێژەی ٢٥٪ی کورسیەکانی پەرلەمان وەک سیستەمی کۆتا بۆ ژنان

جێگیرکراوە، سەرەڕای ئەوەش، نائارامیی بەربڵاو بەبەربەستێکی بەرچاو لەبەردەم بەشداری و نوێنەرایەتی سیاسی ژناندا دادەنرێت.

توێژینەوەکە بەو دەرەنجامەش گەیشتوە کە کەمی ڕێژەی بەشداری سیاسیی ژنان لەسەر ئاستی جیهان کێشەیەکی نێودەوڵەتییەو فاکتەرو بەربەستە هەمەجەشنەکان، کاریگەری نەرێنیان لەسەر کەمی ڕێژەی ژنان هەیە لەسیاسەتدا، هەروەکچۆن ڕێژەی بەشداری سیاسیی ژنان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش لەعێراقدا سەرەڕای بونی سیستەمی کۆتا بۆ بەشداری سیاسیی ژنان بەتایبەت لەهەڵبژاردنەکاندا، لەئاستێکی خراپدایەو جیاوازییەکی زۆری جێندەری هەیە لەبەڕێوەبردن و بوارەکانی دیکەی سیاسەتدا لەناو پەرلەمان و حکومەت و پارتە سیاسییەکانیشدا.

هەربۆیە ژنان پێویستیان بەستراتیژی جیاواز هەیە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی بەربەستەکانی بەردەم بەشداری سیاسییان لەعێراقدا، چونکە فاکتەری جیاواز هەن لەوانە فاکتەری کەلتوری، فاکتەری دامەزراوەیی، فاکتەرە کەلتورییەکان بنچینەترن، لەکاتێکدا فاکتەرە دامەزراوەییەکان لادەبرێن، یان دروست دەکرێن. بۆیە شێوازێکی کورتخایەنی کاریگەرتر بۆ کەمکردنەوەی بەربەستەکان بریتییە لەسەرنجدان لەسەر پێکهاتەی دامەزراوەیی نەک هێرشکردنە سەر فاکتەرە کولتورییەکان. شێوازی پاڵاوتن لەناو پارتە سیاسییەکاندا، پەروەردەکردن و بەگەڕخستنی ژنانی بەهرەمەند لەسیاسەتدا، زیادکردنی دەرماڵەی سیاسی بۆ ژنان، سیستەمی پەروەردە، پۆستەکانی حزب و خواستی و توانایان بۆ برەودان بەیەکسانی جێندەری، کەمپەینی میدیایی ئامانجدار کە ئەزمونی بیانی بەڕێوشوێنی دوپاتکەرەوە پێشکەش دەکات و گرنگی و پێویستی یەکسانی جێندەری و بەشداری سیاسی ژنان ڕوندەکاتەوەو دەتوانێت ڕۆڵی ئەرێنی هەیە. ڕەنگە سیمینارەکانی مۆدێلی ڕۆڵ لەگەڵ ژنانی بیانی و نەتەوەیی چالاک لەسیاسەتدا هاوکار بێت، کارامەیی دامەزراوە تازە دامەزراوەکانی حکومەت بۆ برەودان بەیەکسانی جێندەری بەگۆڕانکارییەکی خێرا لەدۆخەکەدا دەگونجێت. هەماهەنگی نێوان کەرتە حکومی و ناحکومییەکان بۆئەوەی چالاکی ڕەخنەیی و کاریگەری ئەرێنی و کاریگەرییە ڕاستەقینەکانیان زیاتر بکرێن. چالاکی مەدەنی بەئامانجی پشتگیریکردن لەبەشداری سیاسی ژنان، ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژنان بۆئەوەی بەشداری لەهەڵمەتەکانی پێش هەڵبژاردندا بکەن.

# The Impact of the Media on Women's Political Participation in Iraq and the Middle East

**Araz Ramazan Ahmad** [1+2]

[1] Department of Administration, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Diplomacy and Public Relations Department, College of Law and Politics, University of Human Development, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

**E-mail:** araz.ahmad85@uor.edu.krd

**Sara Qadir Mohammed** [3]

[3] Department of Media, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** sara.muhammed@univsul.edu.iq

## Abstract

Despite the existence of many theories for women around the world, new theories for gender and feminist perspectives have emerged. Most theorists have focused on the circumstances of women and the imbalances they face in life, so women's rights advocacy organizations are struggling to achieve and build a gender balance to defend their rights in the current era of technology-globalization and new media. One of the theories is a feminist media theory, which focuses on how gender perceptions in the media influence women's political participation.

This research, which is a descriptive study, uses the content analysis approach and thematic review to get a purposeful evaluation of the research literature and to analyses the study's data. The purpose of this study is to determine the impact of the media on the construction of social, cultural, religious, and political barriers to women's political participation, particularly in non-developing states in the Middle East such as Iraq.

Media forms in Iraq and the Middle East, particularly digital and social media platforms, have emerged as an important public arena for women's political participation. Despite widespread insecurity and political instability seen as a significant barrier to women's political participation and representation, along with other factors. This is why women in Iraq require different strategies to overcome barriers to political participation due to a variety of factors, including cultural and institutional ones.

**Key words:** Media, Political Participation, Women Political Participation, Feminist Media Theory.

## References:


Acar, E. (2012). Social Media June 12 general elections, Edibe Sozen (Ed.) , We globalize all local , İstanbul: Alfa
Publications, 259-274 .

Biswas, A., Ingle, N., & Roy, M. (2014). Influence of social media on Voting Behavior. Journal of Power, 2(2), 127-155.

Caplan, J. (2013). Social Media and Politics: Twitter Use in the Second Congressional District of Virginia. The Elon
Journal of Undergraduate Research in Communications, 4(1).

Cili, M. 2015.MEDIA AND ITS ROLE IN THE POLITICAL EMPOWERMENT OF WOMEN. Proceedings of SOCIOINT15- 2nd International Conference on Education, Social Sciences and Humanities.

D. Fadillah, "Pola Komunikasi Internal Brajamusti Menjelang Pilkada Kotamadya Yogyakarta 2017," Informasi, vol. 47, no. 1, 2017.

Fadillah, D., 2015. Model Komunikasi "WOM" Sebagai Strategi Pemasaran Efektif. *Humanika, Kajian Ilmiah Mata Kuliah Umum*, *15*(1), pp.66-74.

Fadillah, D., Farihanto, M.N. and Dahlan, U.A., 2017. Komunikasi Politik antar Koalisi Parlemen di DPR RI. *CHANNEL J. Komun*, *5*(1), pp.111-119.

Fischer-Tahir, A. 2010. Competition, cooperation and resistance: women in the political field in Iraq. International Affairs 86(6), 1381–1394.

Gallagher-Ford, L., Fineout-Overholt, E., Melnyk, B.M. and Stillwell, S.B., 2011. Evidence-based practice, step by step: implementing an evidence-based practice change. *AJN The American Journal of Nursing*, *111*(3), pp.54-60.

Harfoush, R. (2009). Yes We Did! An inside look at how social media built the Obama brand. New Riders

Human Rights Watch Briefing Paper. 2003. Background on Women's Status in Iraq Prior to the Fall of the Saddam Hussein Government. Last modified November, 2003. https://www.hrw.org/legacy/backgrounder/wrd/iraq-women.htm#P42_12857.

Mazzoleni, Gianpietro, and Winfried Schulz. (1999). "Mediatization of Politics: A Challenge for Democracy." *Political Communication* 16:247–61.

Mcluhan, Marshall. (2004). Communication Instruments. Tirana: IDK.

Altheide, David L., and Robert P. Snow. (1979). *Media Logic*. Beverly Hills, CA: Sage.

Nye, J. (2012, February 10). When Women Lead. The Straits Times. Retrieved 10 August 2019, from https://www.straitstimes.com/world/joseph-nye-when-women-lead

Odine, M., 2013. Role of social media in the empowerment of Arab women. *Global Media Journal*, *12*(22), pp.1-30.

Patterson, Thomas. (2000). "The United States: News in a Free-Market Society." In *Democracy and the*.

Rucht, D., 1990. The strategies and action repertoires of new movements. *Challenging the political order: New social and political movements in Western democracies*, pp.156-175.

Schlozman, K.L., Burns, N., Verba, S. and Donahue, J., 1995. Gender and citizen participation: Is there a different voice?. *American Journal of Political Science*, pp.267-293.

Shvedova, N. (2005). Obstacles to Women’s Participation in Parliament. In Julie Ballington and Azza Karam (Eds), Women in Parliament beyond Numbers: A Revised Edition (pp.187- 212). Stockholm: International Institute for Democracy and Electoral Assistance.
Skoric, M. M., Pan, J., & Poor, N. D. (2012). Social Media and Citizen Engagement in a City-State: A Study of Singapore. In Sixth International AAAI Conference on Weblogs and Social Media.
Smith, N. K. (2011) Social Media and Political Campaigns, University of Tennessee – Knoxville.
Sutton, J. and Pollock, S., 2000. Online activism for women's rights. *CyberPsychology & Behavior*, *3*(5), pp.699-706.
UN Women Training Centre’s Gender Equality Glossary
https://trainingcentre.unwomen.org/mod/glossary/view.php.
UNDP and UN Women (2016): “Inclusive Electoral Processes: A Guide for Electoral Management Bodies on Promoting Gender Equality and Women’s Participation”, p. 6 Main contributors:
UNDP and UN Women (2016): op. cit., p. 6.
Women in the Council of Representatives: Lessons Learned and Case Studies Report. 2013. Washington, DC: Iraq Foundation. Washington, DC: Wilson Center. Retrieved 10 November 2019, from
http://www.iraqfoundation.org/wpcontent/uploads/2015/07/Women-In-The-Council-Of-Representatives-Lessons-Learnedand-Case-Studies-Report-English.pdf.
Julie Ballington, Gabrielle Bardall, Sonia Palmieri and Kate
Sullivan. http://www.undp.org/content/undp/en/home/librarypage/democratic-governance/electoral_systemsandprocesses/guide-for-electoral-management-bodies-on-promoting-gender-equali.html.
Zaheer, L., 2016. Use of social media and political participation among university students. Pakistan Vision, 17(1), pp.278-299.